# REWAN ڕێوان

هەفتەنامەیەکی روناکبیری سەربەخۆیە

سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنان دوو هەفتە جارێ دەریدەکات

16ی مایسی 2007

ژمارە (148) ساڵی حەوتەم

An Independent Cultural Newspaper Published Twice a month by Women's Media and Education Center


ڕۆژی 15/5 تەرمی کچێك لە ئاوی دەربەندی رانیە لەلایەن ئاسایشی ناوچەکەوە دۆزرایەوەو پۆلیسی لێئاگادار کرایەوە، سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دەرهێنانەوەی تەرمەکە ئاشکرایکرد،تەمەنی نزیکەی 16 سال دەبێت و چوار تاك بازنی زێری لە دەستدایە و جلێکی شینی لەبەردا بوەو پێدەچێت چەند رۆژێك لەمەوپێش کەوتبێتە ئاوەکەوە.

# حەڤدە مۆم بۆ دوعا



رەوەنـدی کـورد لەشـاری ڤانکۆڤـەری کەنـەدا مەراسیمێکی تایبەتیان بۆ مەرگی دوعا سازکرد وتیایدا 17 مۆمیان بۆ مـەرگی دوعا داگیرساند.

لەمەراسیمەکەدا کـە رۆژی 7/5/2007 لە لایەن ژمارەیەك لە رۆشنبیرانەوە سازکرابوو،ووتارو پەخشان و شیعر خوێنرانەوە.

ئامادەبویـەکی مەراسیمەکە وتـی "وێـرای پێشکەش کردنی بابەتـەکان، 17 مـۆم، وەك سیمبولی تەمـەنی دوعا بـۆ گیـانی پـاکی ئـەو قوربانیە داگیرسێنران".

مەراسیمەکە لەلایەن رۆشنبیران رزگـار حەمەرەشـیدو ئـەیوب فایـەقو موئەیـەد مـەحمودەوە سـازکرابو. دوعـا ئـەو کچـە یەزیدیە بو کە رۆژی 7/4 بەبەرد کوژرا .

## سەروتار

# لە یادی ڕێواندا

ئەم یادە، یەکێکە لەو یادە دەگمەنانەی، کە هەرچی بنوسم ناکاتە یـەك نیگـای هەریـەك لەسـتافی رۆژنامەکـە، کاتێـك لـەکارێکی رۆژنامەگەری دەگەڕێنەوە، یان ئەو کاتانەی دەکەونە درەنگ وەختو ترسـەکان لـەماڵو گـەڕەكو کۆمـەڵ، تـەنگیان پێیهەڵـدەچنێت، بۆیـە ئیرادەی بەهێزو زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکاندا، دوو مەسەلەی گرنگن لـەنێو هـەناوی ئـەم کـارەدا، لەگـەڵ بوونـی چەنـدین ئاسـتەنگ کـە لەکۆمەڵگای ئێمەدا لەبەردەم مێینە دروستکراوە، بەتایبەت بۆ ئەو جۆرە کارانەی کە ئەقڵیەتی باو دژایەتیان دەکات، ئەو بوارانەش بواری فکرو نوسینو رۆژنامەگەرییـە، کـە تـاکو هەنووکـەش بـەبواری کـاری ژنـان لەقەڵـەم نـادرێن، هـەر بۆیەشـە هـەر سـاڵێك لـەم یـادەدا، یادەوەرییـەکان, ساتەخۆشو ناخۆشـەکان پەلکێشم دەکـەن، بـۆ لای خۆیـانو پێم دەڵێـن، بەتەنها ئیرادەی بەهێزی ژمارە کەمەی ژنانە، بووەتە پاڵنەرو فاکتەری سەرەکی کە لەواقعێکدا کاربکەن، کە تاکو ئێستاش ژن وەکو مرۆڤ، وەك بونەوەر سەیر ناکرێت، چ لـەناو یەکـەی خێزان کە بەشێکی زۆری ئەندامەکانی پێت بڵێن، هەموو جوڵەو هاتن و چوونە چیـە؟ ژن دامێنی خۆی لـێی دوژمنـە، هـەروەها بەرهەست کردنـی ئـەم وێنایـە لەدیـدی زۆربەی تاکـەکان کۆمـەڵگا، لـەوەش ترسـناکتر، مەترسیەکان تـەنها لـەناو چوارچێـوەی خێزانو کۆمەڵـدا قـەتیس نـابن، بـەڵکو ژنـانی ئـەم بـوارە روبەڕوو ی مەترسیەکی دەمامکدار دەبنەوە لەناو خودی کاری نوسین و رۆژنامەنوسـیدا، ئـەویش دووڕوی‌و ناتەندروسـتی کەسـانی بـەناو رۆژنامەنوس‌و نوسەرو رۆشنبیرە، بەپێی نوسین‌و وتارەکانیان، کەسێکن‌و لـەکردارو هەڵسوکەوتیشدا کەسێکی تـر، ژنـانی نوسـەر، رۆژنامـەنوس زۆرجار دەبنە بابەتی ناتەندروستی سەر مێزو دانیشتنەکانیان، گرفتێکی تـری ژنـانی ئـەم بـوارە، ئەو بابەتانەیە کە بوونەتە تابوو بۆ کۆمـەڵگاو دەست بۆ بردنیان وەك دەست بردنە بۆ شەرەفی بنەماڵە، ئەمانەو دەیان گرفتی تر. بۆیـە لـەم یـادەدا، وەکو سەرنوسەری ڕێوان تـەنها خاوەنی چەند وشەیەکم کە هیوادارم لەئاست جوانیو خۆڕاگری ئێوەدا بێت، ئەویش ئەوەیە کە ئێوە ساڵانێکە لەسەر حسابی ماندووبوونی جەستەیی‌و رۆحی خۆتان کاردەکەن، بۆ فەراهەم کردنی بونێك، ژیانێك کە شایستە بـەخۆتان‌و ژنـانی کۆمەڵگاکـەتان بێـت، لـێرە هیـوای سـەرفرازیتان بـۆ دەخوازم.

# دەستگیرکردنی کەسێکی ژنە کوژراوەکەی خانەقین

لەپەیامنێری خانەقینەوە:

تەرمی ژنێك کە پاش کوشتن سـوتێنراوەو پـاش ناسـینەوەی تەرمەکە برای ژنە کوژراوەکە، سکاڵای تۆمار کردوە.

لەگوندی عـەلی مەسعودی سـەربە خانـەقی تـەرمی ژنێـك دۆزرایـەوە کـە پـاش کوشـتنی سـوتێنراوەو لـە لایـەن پۆلیـسی ناوچەکـەوە ناسـنامەی ئاشکرا کراوە. بەپێی وتەکانی پەیامنێری ڕێوان" کوژراوەکە ناسراوەتەوە کە ژنێکی تەمـەن 30سـاڵەو شـوی کـردوە، کەسـێکی کوژراوەکـە تۆمـەتبار کراوە بـە ئەنجامـدانی کوشتنەکە".

سـەرچاوەیەك لەناوچەکـەوە ئاماژەی بەوەدا برای کوژراوەکە لـە سـکاڵاکەیدا وتویـەتی" خوشـکەکەم‌و هاوسـەرەکەی کێشەیان هەبوە بەتایبەت پاش ئەوەی خوشکەکەم قایل نەبوە هاوسـەرەکەی ژنـی بەسـەر بهێنێ".

بـەپێی هەواڵەکـەی پـەیامنێری ڕێـوان هاوسـەری کوژراوەکـەش لـە ئیفادەیـدا وتویەتی" هیچ کێشەمان نەبووە نازانم چۆن کوژراوە".


# لە سەیرانگای جەلی ژنێک دەکوژرێت

ژنێـك دەبێـت لەیەکێـك لەناوچـە گەشـتیاریەکاندا 13 فیـشەکی بەردەکـەوێتو گیـان لەدەستدەدات.

رۆژی 13/5 لەناوچـەی (جـەلی ) کـە شـوێنێکی گەشـتیاری سـەر بەکۆیـە، تەرمی ژنێك دۆزرایەوە کە 13 فیشەکی پێوەنراوەو ئەڵقەیـەکی هاوسەرییش لەلای تەرمەکەیەوە دۆزراوەتەوە.

سـەرچاوەیەك لەپۆلیـسی کۆیە بەسایتی (پی یو کە)ی میدیای راگەیاندووە" کە چوین بینیمـان ژنێـك 13 فیـشەکی بەرکەوتووەو گیانی لەدەستداوەو بۆ لێکۆڵینـەوەش چەنـد کەسێك دەسـتگیرکراوەو لێکۆڵینـەوەش بەردەوامە".

# لە سلێمانی ئارایشتگاکان ئیمزا کۆدەکەنەوە



دوا بـەدوای بڵاوبونـەوەی ئـەو نامە کراوەیـەی لە ژمارە 146 ڕێوانـدا دەربـارەی بەرنامـەی (شارۆ ) کە باسی لـەوە کردوە کە ئارایـشتگاکان بەدڕەوشـتی بڵاودەکەنـەوە، 43 ئارایـشتگای شـاری سـلێمانی بەمەبەسـتی نـاڕەزایی دەربـڕین ئیمزایـان کۆکردەوە.

لـەو نامەیـەدا کـە هـاوپێچی ئیمزاکـان کـراوە و لەلایـەن خاوەن ئارایشتگاکانەوە نوسراوە، هاتووە " گـەورەترین بـێ ویژدانـی بەرانبـەر ئێمە دەکرێت، سەرەڕای ئەوەی رێز لـە پیـشەکەمان نـاگرن لەبەرنامەیەکیـشدا سـوکایەتیمان پێدەکـەن" لـە بـە شـێکی تـری نامەکراوەکەشدا هاتوە" داوای ناوی ئـەو ئارایـشتگایانە دەکـەین کەلـە بەرنامەکـەدا باسـکراونو گەروابـن ئێمـە بـە کـۆی دەنـگ رێگـە بـەکارکردنیان نـادەینو دەیاندەینـە دادگا گـەر بە پێچەوانەشەوە بوو بەرنامـەی شارۆ رووبەڕوی دادگا دەکەینەوە".

(شارۆ ) بەرنامەیەکە لەکەناڵی رادیـۆی کۆمـەڵی ئیـسلامیەوە پـەخش دەکرێـتو لـە یـەکێك لـە ئەڵقەکانـدا چـوار چیرۆکـی باسکردوە بە پێی ئەو چیرۆکانە ئارایـشتگاکان بەدڕەوشـتیان تێـدا دەکرێت.

# رۆژێک بۆ ستایش لەعەشقی دوعا

**تایبەت بەڕێوان**

کـەمپینی جیهـانی دژ بەڕەشەکوژی ئافرەتان سیمینارێك لە رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی سازدەکات.

وا بڕیـارە (18/5) سـیمینارێك دەربـارەی کوشـتنی دوعـا لـەبارەگای رێکخـراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ساز بکرێت و یـەکێك لەقسەکەرانی سیمینارەکە ئەندامێکی رێکخراوی ناوبراوە .

هـۆزان مـەحمود ڕێکخـەرێکی کەمپینەکـە لـە بەریتانیا بەڕێوانی وت "جگە لەو چالاکیـە مـانگی حوزەیرانیـش چـالاکی ترمـان هەیـە لەژێـر نـاوی(رۆژێـك بـۆ سـتایش لەعەشقی دوعا)".




# ژنێک لەسەر ڕەدووکەوتنی خوشکەکەی کوژرا

ژنێـك پـاش ئـەوەی ویـستی کچەکەی بدات بە خوشکەزایەکی خۆی، لە لایـەن کـەس و کاریـەوە کوژرا.

شـەوی 15/5ژنێك بەدەستی کـەس و کـاری و بـە فیـشەك کوژرا،ئـەو ژنـە بریـاری دابـو کـە کچەکەی بدات بە خوشکەزاکەی خۆی، بـەڵام ئـەو خوشکەی واتـە دایکـی ئـەو کـورە پێـشتر رەدوو کەوتوە.

سـەرچاوەیەکی ئاگـادار لـە روداوەکـە بـە ڕێوانـی راگەیانـد"کوژراوەکـە تەمـەنی نزیکـەی 60 سـاڵەو پێـشتر خوشـکێکی رەدو کـەوتوە، ئەویـش ویـستویەتی کچەکـەی بـدات بـە کـوری ئـەو خوشـکەی بۆیـە کوشتویانە ".

روداوەکـە لـە گونـدی کـانی تـوی سـەر بـە ناحیـەی بنگـردی سـەر بـە شـارۆچکەی رانیـە روی داوەو لێکۆڵینـەوەی پۆلیـس لـە روداوەکـە بەردەوامـەو تـەرمی ژنەکـەش نێردراوەتـە توبی عەدلی.

# لەگۆیژە تەرمی ژنێک دۆزرایەوە

مەفرەزەیـەکی پـۆلیس تـەرمی ژنێـك دەدۆزنـەوە، کـە هیـچ پێناسـێکی پێنـەبووەو تەرمەکـە ڕەوانـەی (تـوب عـەدلی )دەکـەن. سـەرچاوەیەکی ئاگـادار ئاشـکرای کرد "تەرمەکە 11/5 دۆزراوەتەوەو فیشەکێك بەسەریەوەتی‌و ناسنامەی پێنـەبووەو پێدەچێت چەند رۆژێـك لەوەو پێش کوژرابێت".